


لە دێر زەمانەوە، لە یەکەمین نیشتمانی شانۆوە، ئەو دەمەی گریکەکان بانگیان بەگوێی ئەم کایە پڕ شەوق و ڕەونەقەی هونەرە دا، یەکەمین ئەکتەر بووە چرای شانۆگەرییەکان، دوای ماوەیەک ئەکتەری دووەم سنگی شانۆی پڕ لە جۆشوخرۆش کرد، تا لەو بلێسەیەوە، ڕۆشنایی داهێنان گەیشتە ترووسکەی چاوانی (وەرگر).. ئیتر لەو دەمەوە هونەرمەندی سەراسیمە بە شوێن ئەفراندندا وێڵ بووە، شانۆکاری بەهرەمەند لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکان و ئاڵ و والابوونی ئەم هونەرە ڕەنگالەییە، قەڵەمی نوێ و بیری نوێ و بەهرەی نوێ دەرکەوتووە. لەو کاروانەدا، لەچارەکی یەکەمی سەدە پڕ لە بزاوتەکەی ڕابردوودا، کورد وەک میللەتێکی زیندوو، بەشانۆ شاد بووەو جەماوەر لەم هونەرە کۆبووەتەوە، پاشانیش بووەتە ژێدەری دەوڵەمەند بۆ والاکردنی هزر و جوانی و داهێنان، بریسک و هوڕی بەهرەش لێرەو لەوێ سۆمای چاوانی بینەری شەیدایان بردووە.

کەواتە مێژووی دەرکەوتەکانی هونەری شانۆ لە کوردستان مێژوویەکی هێندە دوور نییە و ڕەنگە تەمەنی کەمتر لە سەدەیەک، ماوەیەکی دیار نەبێت لە ئاست مێژووی دوورودرێژی شارستانی مرۆییدا، تەنانەت بە بەراورد لەتەک تەمەنی خودی ئەم هونەرەدا، کە بەرایییەکانی سەرهەڵدانی بۆ بیست و پێنج سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لە دیدی ئەو وەرچەرخان و پەرەسەندنە مەزنانەوە لێی بڕوانین کە قۆناغی شۆڕشەکانی پیشەسازی و زانست و گەیاندن و گلۆبالیزێشنی تێدا هاتووەتە دی، ئەوە ماوەکە وا کورت و بێ بایەخ نییە، بەتایبەتی کە لە نێوان دوو هەزارەدا و بە ڕۆژگاری شۆڕش و ئەزموونەکانی فەرمانڕەوایی حکوومەت و خودموختارییەکانی کوردا ڕەت بووە. هەر لە سەردەمی حکومڕانی شێخی نەمرەوە تا بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونە ڕوو لە سەربەخۆییەکەی ئێستای دەگات، بۆیە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، لەم ماوەیەدا شانۆی کوردی بەکوێ گەیشتووە و چ ڕۆڵێکی لە ژیانماندا گێڕاوە و دەگێڕێت؟

لەم بەینەدا هونەری شانۆ ئاشنایەتی و پێوەندی لەگەڵ تەواوی شارەکانی کوردستاندا بەستووە، تەنانەت لە شارۆچکە و هەندێک لە گوندەکانیشدا بایەخی خۆی وەرگرتووە. چەندین نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر و ڕەخنەگر و...تاد تێدا هەڵکەوتووە، وێڕای دامەزراندنی کۆمەڵە و تیپ و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە ئەم هونەرەیان لەئامێز گرتووە. لەنێو بڵاوکراوە کوردییەکانیشدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە میانەی دەیان تێکست و کتێبی شانۆیی وەرگێڕاو و کوردیدا برەوی پێ دراوە.

شانۆ لە ژیانماندا درەوشاوە و کارا بووە، ئەگەرچی سالانێکیش ڕەوتەکەی ئەوتۆ نەبووە و پەراوێز خراوە، وەلێ زۆرکات هەستمان کردووە ئەم هونەرە خوازراوە، ڕاگوزار نییە و ڕەگوڕیشەی لەنێو فەرهەنگ و کولتوورماندا ڕۆچووە و وەک شیعر و میوزیکی کوردی ڕەسەنایەتی بۆ خۆی پەیدا کردووە.

ئاشکرایە هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی بنیادی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی ئامرازەکانی دەربڕینی هونەریی سەبارەت بە پرس و قەیرانەکانی دێنێتە ئاراوە، شانۆ لە ڕۆژئاوا بەدرێژایی مێژووی خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو ستراکتۆرانە بووە، هەر لە سەردەمانی گریکەوە تا بە سەردەمی سەرمایەداری پیشەسازی و دەرهاویشتە دەروونی و ئەنتۆلۆژییەکانی دەگات کە پرسی تەریکی و نامۆبوونی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەرجەستە کردووە، بۆیە لەم ڕەوشە ئاڵۆزەی ئێستا (شانۆی کوردی) تێکەوتووە، پرسیارێکی گەوهەری دێتە ئاراوە:

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شانۆکاری کورد پێگەکانی جەماوەری کوردستان دیاری بکات؟ خەسڵەت و سیما و جۆرەکانی ئەم جەماوەرە لە میانەی ڕەوشی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیی و ئایینی و ئابوورییەوە لێک بداتەوە، بۆ دیاریکردنی سیما و گوتاری فیکری و ئیستێتیکی شانۆکەی؟.

جەختکردنەوە لەسەر (وەرگر) جەختکردنەوەیە لە ڕەگەزی سەرەکی شانۆ و جەمسەری یەکەمی هاوکێشەی سەرخستنی هەر پرۆسەیەکی شانۆیی ڕاستەقینەیە، بەڵام کێ وەرگرێکی شانۆیی هۆشیارمان پێ دەبەخشێت؟ کۆمەڵگە، پێشکەوتنی ئەو وەرگرە دێنێتە کایەوە؟ یان هزر و پرس و قەیرانەکان؟ یان جیهانگەرایی؟ یان ئەوە خودی شانۆیە هۆشیاری و چەشەی بینەرانی دەورووژێنێت و بە ئاراستەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی ئەکتیڤی دەکات و ئەو پرسە گرنگانەی ڕێڕەوی ئێستا و ئایندەی پێوە بەندە.



# پێگەی وەرگر لە زەینی شانۆکاری کورددا..

ئەرسەلان دەروێش
(سلێمانی)